Kurdistannet کوردستان نێت

# التحاد العام اللاجئين العراقيين

THE INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEE

## پینج پەنابەری تری کوردو عیراقی بوونە قوربانی و گیانیان لەدەستدا !

بە پێ ی هەوالێك كە پۆلیسی یۆنان ڕایگەیاند لەم ڕۆژانەدا بەهۆی وەرگەڕانی ئوتۆمبیلێکی تایبەت بە گواستنەوەی پەنابەرانەوە لە ڕێگەی سالۆنیکای یونان پینج پەنابەری عیراقی گیانیان لە دەست داو بیسیتی تریش بریندار دەبن کە ژمارەیەکیەکیان برینەکانیان سەختە !

ئەمە یەکەم جار نیە کە هەوالی دڵتەزێنی گیان لەدەستدانی پەنابەران ڕامان دەچلەکێنێت و نیگەرامان دەکات . هەقیقەت ئەوەیە کە بەردەوام کەوتن بەسەر تۆڕی مین و تەقەلێکردنی سەربازو جەندەرمەکانی سنوورەکان و کارەساتی شاحینەو دەریاو ڕووبارەکان پەنابەرانی کردوەتە قوربانیانێکی بێ ناونیشان. ئەمە لە کاتێکدا کە ڕۆژانە شە پۆلی کوشت وکوشتارو نا ئەمن بوونی کۆمەلگای عیراق لە زیادبوون و پەرەسەندنایە هاوکات پیشیلکردنی و ماف و ئازادیەکانی خەلك و نەبوونی سەرەتایترین پیداویستی یەکانی ژیانی رۆژانە لە چەشنی ئاو کارەباو سووتەمەنی و .... بە تەواوی مانا ژیانی بەخەلکی عیراق بە کوردستانیشەوە تالکردوە . هەربۆیە دەبینین کە جاریکی تر شە پۆلی ئاوارەبوون لە زۆر بوون و فراوان بووونەوەدایەو ڕۆژانە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستانی عیراق گوزارشتی دەربازبوون و دیپۆرت کردنەوەی دەیان و سەدان کەس دەدەنەوە. بەدەر لەوەی کەئاخۆ بە چ گرفتێك خۆیان دەگەیەنە یەکێك لەوولاتانی دراوسی و بەچ نرخێکی مادی ومەعنەوەی چۆن دەیانەوێ خۆیان بگەیەنە یەکێك لە وولاتانی ئەوروپا بەهیوای بە دەستهێنانی مافی پەنابەری . دواتر دەبینین کە چۆن لەم وولاتانەش مامەلەیان لەگەلدا دەکرێت و چۆن ڕۆژ بە دوای ڕۆژ بیمەو خزمەتگوزاریەکانیان لێ دەسینریتەوەو ناچار دەکرێن بە ملدان بە قورسترین و نائیسانی ترین بارودۆخ. لەلایەکی تریشەوە دەبین کەچۆن وولاتانی هاوپە یمانی ئەمریکا هەر بۆ ئەوەی بە بیروڕای گشتی جیهانی تەلقین بکەن کەعیراق وولاتێکی ئەمن وئاسایش و ئازادەو دیموکراسی تێدا بەرقەرارە، هەزاران پەنابەریان کردوەتە قەرەوڵ و دیپۆرتیان دەکەنەوە بۆ عیراق . ڕۆژگاریك کە هێشتا مەسەلەی پەنابەری وەك کارتێکی سیاسی دژ بە بلوکی شەرق بەکاردەهینرا ، ڕۆژگاریك کە هیشتا وا بە ئاشکرا UNHCR نەبووەوە داردەستێکی ئەمەریکاو بەشیك لە سیاسەتەکانی نەزمی جیهانی نوێ ی نەکردبووە ئامانجی خۆی ، ئەو کات ئەم نیهادە وەك لیپسراوی ژیان و گوزەرانی پەنابەران خۆی دەناساندو کاری دەکرد . بەلام ئەمرۆ بەکردەوە دەبینین کە بووتە ئورگانیکی تری بۆ جی بەجی کردنی سیاسەت و نەخشەو پیلانەکانی ئەمەریکا . هەر بۆیە چاوپۆشین لە هەموو واقعیەتێکی ئەمڕۆی عیراق لە شەڕو نا ئەمنی و لە ئیرهاب و تیرۆری رۆژانە ، بووتە کردەوەیەکی ئاسای و ئیتر لەم روانگەشەوە شان خالی کردن لە چارەنووسی ئەو کەسانەی کە لەو وولاتەدا ناچار بە ئاوارە بوون دەبن دەبیتە کردەوەیەکی ئاسای . هەر بەو دەلیلە عەمەلی کردنەوەی هەرشەی دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران بۆ کوردستان وعیراقیش نابیتە هەوینی هەلویست گرتنیکی لیبراوانە دژ بە سیاسەتی دیپۆرت کردنەوە کە یەکیك لە بنەماو ئامانجە سەرەکی یەکیUNHCR . بۆیە کاتێك کە هەزاران ئینسانی ئاوارە لە وولاتانی دراوسێ ڕوودەکەنە نووسینگەکانی ئەم ئورگانە، ئامادەی دانی مافی پەنابەری نین پێ یان، بۆیە سەرئە نجام زۆرێك لەو کەسانە ناچار دەبن ڕوو بکەنە ئەو چارەنووسە نادیارەی کە بەم شێوە تا ئێستە هەزاران کەسی کردوەتە قوربانی .

بۆیە فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی سەرباری دەربڕینی غەم و پەژارەی خۆی و بەشداربوون لە پرسەی ئەم ئازیزانەدا ، هەروەها دوالە هەموو حزب ڕێکخراوە چەپ و ئینسان دوستەکان دەین کە بەتوندی نارەزاری خۆیان دەربڕن دژ بە شانخالی کردنەوەکانی UNHCR لەبەرامبەر بە ژیان و چارەنووسی پەنابەرانی کوردو عیراقی دا .

فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراق

2005 / 9 / 10

**Address: R . A**
**00300 Helsinki - Finland**

**fediraq@welho.com**
**Tel : 0058 0440464905**